# ڕۆژنامەو گۆڤار لە هۆڵەندا

**بافڵ هیوا سەرهەنگ** / هۆڵەندا

زۆر جاران کە سەردانی کتێبخانەی گشتی دەکەم لە شاری ڕۆتردام .. ئارەزوومە ڕۆژنامەیەک ، یا گۆڤارێکی هۆڵەندی بخوێنمەوە ، یا چاوێکی پێدا بگێڕم .. بەڵام خۆم پرسیار لە خۆم دەکەم، لە کامە گۆڤار یا ڕۆژنامەوە دەست پێبکەم؟ کامیان چاکترە و جیاوازی لە نێوانیاندا چیە؟ دوای ئەوەی چەند زانیارییەکم لەملاو لەولا خوێندەوە، منیش بەم چەند دێڕە ئەم زانیارییانە پێشکەش بە خوێنەری بەڕێز دەکەم.

سەرەتا با لە ئازادی را دەربڕینەوە دەست پێبکەین؛ لە ڕژێمی دیموکراتی هۆڵەندا، ئازادی بیروڕا دەربڕین بەردی بناخەیە .. جا چ لە بواری ڕۆژنامەگەری وە یا لە رادیۆ و تەلەفزیۆن.

یاسای ڕاگەیاندن لە هۆڵەندا دەڵێت؛ ڕۆژنامەگەری مافی هەڵبژاردنی بابەتی نووسینی هەیە کە دەیەوێ بڵاوی بکاتەوە .. هەروەها دەڵێت؛ نابێ حکومەت تێکەڵی یا دەستێوەردانی ئەو بابەتانە بکات و دەبێ حکومەت هەموو پێداویستییەکانی بۆ سەرکەوتنی کاری ڕۆژنامەوانی،تەواو دابین بکات تا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بچێتە بەر دەست خوێنەران.

گرنگترین بەش لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە هۆڵەندا، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن .. بەناوبانگترین ڕۆژنامەش لەم وڵاتە ڕۆژنامەی ( Telegraaf ) ە کە ڕۆژنامەیەکی بازرگانی بەیانییانەیە و 765 هەزار دانەی لێدەردەچێت .. زۆرەی ئەو بابەتانەی بڵاویشی دەکاتەوە دەنگوباس و هەواڵی ناوداران و هونەرمەندانە. ڕۆژنامەی ( Allgmeen dagblad ) ە ئەمەش بەیانییانەو 400 هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێت. ڕۆژنامەی( volkskrant ) یش بەیانییانە پێشتر ڕۆژنامەیەکی ئاینی ( کاسۆلۆکی ) بوو .. بە ڕۆژنامەیەکی هزری و ڕووناکبیری دەناسرێ و 361 هەزار دانەی بە چاپ دەگەیەنرێ .. ڕۆژنامەی ( Nieuwe rotterdamse Courant NRC ) ڕۆژنامەیەکی ئێوارانە، هەروەها ( handel blad ) یشی پێدەڵێن و 271 هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێ و بایەخ بە ئابووری و بازرگانی و دەنگوباسی بۆرسە و دراو دەدات .. ڕۆژنامەیەکی تر ( Trouw ) ە کە ڕۆژنامەیەکی ئاینی یە ( پرۆتستانت ) یە دەربارەی مردن و ژیان و ئینجیل دەنووسێ، هەندێ لە نووسەرانی کاسۆلیکن و 120 هەزار ژمارەی بڵاودەکرێتەوە. جگە لەمانەش چەندین ڕۆژنامەی ناوچەییش هەن هەفتانە دابەش دەکرێن، دەنگوباس و هەواڵەکانی ناوخۆ پەخش و بڵاودەکەنەوە.

لە هۆڵەندا سەندوقی پاڵپشتی دراوی هەیە کە لە ساڵی 1974 ە وە دامەزراوە.. بۆ یارمەتیدانی ڕۆژنامەکانی هۆڵەندی. ئەم سەندوقە هاوکاری و یارمەتی دارایی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێشکەش بە ڕۆژنامەکان دەکات .. پاشان ڕۆژنامەکە دەبێت خۆی بودجە بۆخۆی دابین بکات.

گۆڤار لە هۆڵەندا زۆر و هەمەجۆرن لە هەموو بوارەکانی؛ هزری ، ڕۆشنبیری، زانستی و بازرگانی. بەناوبانگترین گۆڤارە هزری و زانستییەکان، گۆڤاری ( De Tijd Nederland ، HP ، Vrij ،و Elsevier ) بەڵام گۆڤاری ( Libelle ) کە گۆڤارێکی ژنانە 750 هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێ و گۆڤاری ( margriet ) 25 هەزار دانە و گۆڤاری ( Prive ) گۆڤارێکی بازرگانییەو دەنگوباسی ناوداران و هونەرمەندان بڵاو دەکاتەوە.